شیعر



دێچۆڵ ئازاد

# چەتری هەینی داگیری کردووین



چرپەی شەوە، رووتبوونەوەی مانگە
ئاوێزانی خەیاڵی منە
چاوی رەشەبا بە شیعر دەنوقێنێ
دیلم دەکەن.
چاوەکانم، لە ناویاندا تێک دەشکێنم و
پیاڵەیەک لە خەفەت دەخۆمەوە
مەستم دەکەن
هەموو شەوێ
من و مۆمەکان لە دیداری یەکتردا
چاوەڕوانی گۆدۆین
وا رەگی شەو گەڕایەوە بۆ بەخت
پەنجەی دەسمی پڕ کردەوە لە نیگەرانی
تەمەنیش لە کاڵبوونی گەنجێتیدا بە ئاسپایی خەون بەدی دەکا
خۆ من ئاڤێستەی دڵێکی بەستەزمانم

چۆن پەردەی شەو هەڵدەمەوە،
دەستی کاتژمێری مێرد لە خۆڵەمێش سفر بکەم
بەدوای تەرازووی شەیتان دەگەڕێین بۆ هۆنینەوە
بۆ ئەوەی کورسی زێڕین بەتاڵ بکەین لە چرپەکانی سێبەر
وەک مەرەکەبی نووکی بەرەبەیان
لێوی ئازادی تەڕ دەکەین
مەمکی تابلۆیەکان و رەنگدانەوەی هەتاوین،
پەرچەمی هەناسەی ژێر دیوار و
ماسییە غەریبەکانین، ورژمی ئاو لە دۆڵێک دامان دەبەزێنێ
هاواری شیعر دەڕێسین و
راز و سکاڵای شەوی بێ دەستی کیژان لەم گیانەڵایەدا
بە دەنووکی کەو تیمار دەکەین
لەم دۆڵەدا بەهەشت بەرماڵێکی بێ قیبلەیە
رەنگی وشکبووی زەردەشت لە ئێمەدا دەڕسکا
مۆمی ئێوارانی دووشەممە و سێشەممە بووین
ئێستا چەتری هەینی داگیری کردووین
لە دەلتای قینەوە مەلە دەکەین.

Melbourne, Australia 2009

